# هۆشیاری کۆچ و دەستڕاگەیشتن
# بە دووبارە تێکەڵکردنەوە و
# بەهێزکردنی تواناکان لە عێراق (MAARC)

## پاشبنەما

لە دەیەی ڕابردوودا، عێراق گەشەی دایاسپۆرای بەخۆیەوە بینیوە، لە شێوازی نوێی مەبەستی کۆچکردن، بەردەوامی بوونی هێزی کاری کۆچبەران لە بازاڕی کار و گەشەکردنی تەمەنی کاری دانیشتوان و ژمارەی ئاوارەی ناوخۆیی. لە ساڵی ٢٠١٧ و تا ساڵی ٢٠٢١، جووڵەی کۆچبەران بەرەو ئەوروپا بۆ خۆپاراستن کەمیکردووە و لە بەرامبەردا کۆچی گەڕانەوە زیادی کردووە، کەوایکردووە گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگا ببن بە سەرەتای گفتوگۆ گشتییەکان و وەڵامەکانی حکومەت لە عێراق. ئاوارەبوونی زۆرەملێ، کە وەڵامدانەوەی بارودۆخێکە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تاکەکەسی ڕووددات و کۆمەڵێک ڕێگای کۆچی نارێک لەخۆدەگرێت.

هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەم تێڕوانینە لەلای کۆچبەران پێویستی بە هاوبەشیکردنی زانیاری فراوان لەسەر ڕێڕەوە یاساییەکانی کۆچ، پێشکەشکردنی بەڵگە لەسەر مەترسییەکانی کۆچکردنی نارێک و هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر ڕێگاکانی گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە و پاراستنی مافەکانی کۆچبەران، هەیە.

| | |
|---|---|
| بەخشەر | بەڕێوەبەرایەتی کۆچی نەرویجی (UDI) |
| هاوبەشی جێبەجێکار | سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆچ (ICMPD) |
| ماوەی پرۆژە | تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ - کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ |
| بودجەی پرۆژە | ٦٠٠٠،٠٠٠ نۆک |
| ئامانجی گشتی | بەشداریکردن لە زیادکردنی هۆشیاری و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان لەسەر کۆچ – لەوانە ڕێگیریکردن لە کۆچی نارێک، ڕەوانەکردن، گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە – بۆ هاوڵاتیانی دەرچوو و گەڕاوە و ئەوانەی مەبەستی کۆچ کردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KR-I). هەروەها، بەهێزکردنی تواناکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەڕێوەبردنی کۆچ لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. |

نەبوونی زانیاری دروست و پەیوەندیدار بە کۆچ دۆخەکە خراپتر دەکات و هاوڵاتیان بەناچاری پشت بەو زانیاریە زارەکیانە دەبەستن کە بەدەستیان دەگات.

ئەوانەی بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە لەوانەیە بە ئاسانی قایل بن بەو چیرۆکانەی لە کەسانی دەرەوەی وڵاتەوە دەیبیستن، ئەمەش بەرزی ئاستی نائومێدی کۆچبەرە عێراقییەکان لەدەرەوەی وڵات ڕوندەکاتەوە، کە ڕاپۆرتەکان پیشانیان داوە. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی حکومەتی عێراق گرنگی تەواوەتی بە کۆچی کار نەداوە ، کۆچی یاساییش وەک چەمکێک تا ئێستا بەشێک نەبووە لە پلاندانانی حکومەت. زۆرینەی کۆچبەرە عێراقییەکان ئامانجیان کۆچکردنە بۆ دەرەوەی وڵات نەک لە ناوخۆدا یان پارێزگایەکی جیاواز، چونکە پێیان وایە دەرفەتە ئابوورییەکانی دەرەوەی عێراق سوودێکی زیاتریان هەیە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکارەکانی پاڵنەر کاریگەری زیاتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ فاکتەرەکانی ڕاکێشان و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری و خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و نەبوونی کار هۆکاری زیاترن بۆ کۆچکردنی دانیشتوان.

لە ڕوانگەی لۆژیکی پرۆژەکەوە " هۆشیاری کۆچ و دەستڕاگەیشتن بە دووبارە تێکەڵکردنەوە و بەهێزکردنی تواناکان لە عێراق (MAARC)" پاڵپشتی کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆچی نەرویجی و جێبەجێکراوە لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆچ (ICMPD) جەخت دەخاتە سەر دامەزراندنی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران لە شاری هەولێر (MRC)، ئەم سەنتەرە هاوکاری هاوڵاتیانی دەرچوو گەڕاوەو و ئەوانەی مەبەست کۆچکردنیان هەیە دەکات لە بڕیاری کۆچکردنیان بەشێوەیەکی ئاگا و سەلامەت لەڕێگای کۆمەڵێک خزمەتگوزارییەوە لەوانە؛ ڕاوێژکاری و ڕەوانەکردن و دەستپێڕاگەیشتن، لەهەمان کاتدا پەرەدان بە تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی کۆچ و دابینکردنی ئەو زانیاریانە لەڕێگای بەشداری پێکردنیان لە زیادکردنی هۆشیاری و زانیاری لەبارەی کۆچکردنەوە.

ڕێکخستن و دامەزراندنی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران بە هەماهەنگیە لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، و پشتگیری دەکرێت لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق. سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران بەشداری دەکات لە جێبەجێکردنی بیرۆکەی تێکەڵکردنەوەی بەردەوام و پلانی کار بۆ گەڕاوەکان لە عێراق، لە هەوڵێکی هاوبەشی لە نێوان قەوارە حکومی و ناحکومییەکان لە عێراق بەرهەم هاتووە وەک بەشێک لە تەواوی حکومەت و تەواوی ڕێبازی کۆمەڵگا بە هاوکاری ICMPD.

## ئامانج

- ڕۆشتنی زانیاری ورد و گشتگیر لە کاتی خۆیدا لەسەر کۆچ، لەتوانیاندا دووبارە تێکەڵکردنەوە و ڕاوانەکردن بۆ خزمەتگوزارییە بەردەستەکان، بۆ گروپە بە ئامانجکراوەکان لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تر، لە ڕێگای سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران لە شاری هەولێربە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی کوردستانی عێراق.
- بە هێزکردنی تواناکانی حکومە تی هە رێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی کۆچ، لەوانە گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە بە کۆمەڵگا.

## دەرئەنجام و چالاکییەکان

| | |
|---|---|
| ڕێکخەری چالاکی | سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆچ |
| هاوبەشە بەشدارەکان لە حکومەتی فیدراڵی عێراق | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی - وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران |
| هاوبەشە بەشدارەکان لە هەرێمی کوردستان | وەزارەتی ناوخۆ/ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان |
| هاوبەشە بەشدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان | میدیای ناوخۆیی – ئەکادیمی، سەنتەری ڕاهێنانی تەکنیکی/ پیشەیی، کەرتی تایبەت ، ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان |
| گروپە بەئامانجکراوەکان | گەڕاوەکان، کۆچبەر وخێزانەکانیان وکۆمەڵگا |
| شوێنی چالاکی | هەولێر |

**دەرئەنجامی یەکەم**
ڕۆشتنی زانیاری ورد و گشتگیر لە کاتی خۆیدا لەڕێگای دامەزراندن و کارپێکردنی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران لە هەرێمی کوردستان /عێراق.

| | | |
|---|---|---|
| چالاکی ١.١: دامەزراندنی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران (MRC) لەشاری هەولێر | چالاکی ٢.١: چالاکییەکانی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران (MRC): ئەنجامدانی چالاکیەکان لە ناو خەڵک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری | چالاکی:٣.١ چاودێریکردنی پلانی کار و چالاکییەکانی سەنتەری سەرچاوەی کۆچبەران لە هەرێمی کوردستان/ عێراق |

**دەرئەنجامی دووەم بە هێزکردنی تواناکانی حکومە تی هە رێمی کوردستان/عێراق.**

| | | |
|---|---|---|
| چالاکی:١.٢بەرزکردنەوەی تواناکان بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانە، وەزارەتی ناوخۆ و هەموو ئەو لایەنانەی کە لەسەر ئەو بابەتە کار دەکەن | چالاکی ٢.٢: تێکەڵکردنی سەنتەرەکانی سەرچاوەی کۆچبەران (MRC) لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان /عێراق | چالاکی ٣.٢: زیادکردنی ڕێگاکانی دووبارە تێکەڵکردنەوە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی ناو (MSP) |

## دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان

- گۆڕانکاری لە هەڵوێست و مەبەست و زانیاری ئەو هاوڵاتیانەی نیازی کۆچکردنی یاسایی یاخود نایاساییان هەیە
- دەستگەیشتن و هۆشیاریی بە خزمەتگوزارییەکانی گەڕانەوە و دووبارە تێکەڵکردنەوە بە کۆمەڵگا بۆ گەڕاوەکان
- بەهێزکردنی سیستەمی حوکمڕانی پەیوەندیدار بە کۆچ ، لەوانە گەڕانەوە ودووبارەتێکەڵکردنەوە

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە**
**خاتوو هینا مە قسود**
**بەڕێوەبەری پرۆژە – MRCs لە عێراق**
hina.maqsood@icmpd.org

*Funded by The Norwegian Directorate of Immigration (UDI)*
*Implemented by International Centre for Migration Policy Development (ICMPD)*

UDI
Utlendingsdirektoratet
Norwegian Directorate of Immigration

ROYAL NORWEGIAN
MINISTRY OF JUSTICE AND PUBLIC SECURITY

ICMPD
International Centre for Migration Policy Development